کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 21:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پرسیارێکی بەجێ و وەڵامێکی هەڵە. . . . جەلال ڕەووف ئەمین





بەڕێز باوکی محەمەد پرسیاری کردووە کە ئایە پێغەمبەری ئیسلام کەسێکی شەڕانی بووە؟ پێش خوێندنەوە و شۆڕبونەوەیەکی مێژویی بە ئاکار و کردە کوژی و گۆڵمەزیەکاندا سەرپێییانە پەلە وەڵامێکی داوەتەوە کە تێیدا کەوتۆتە هەڵەی زۆر زەقەوە، ئەم بەڕێزە یان بەئاگا نیە لە ژیانی محەمەد و قورئان و نوسینە ئیسلامیەکانی نەدیوە یان پێی وایە سەردەمی بەڵێ و سەر ڕاوەشاندن ماوە و هەرچیەک بڵێت ئەچێتەسەر و گرنگ هەر مەبەست پێکانە، لێرەدا نامەوێت بە وردی لە کوشت و کوشتاری نیوە دورگەی عەرەب بدوێم لە 1610 وە تا 1633 کە ئەکاتە وەڵامی پرسیارەکەی باوکی محەمەد تەنها ئەمەوێت بە زەقی بچمە ناو زەقایەتی هەڵەکانەوە، لە ناوەڕاستی بابەتەکەدا ژمارەیەک هەڵتۆقیوە (262) کە گوایە کۆی کوژراوەکانی بەرەی شەڕە لە کاتی محەمەددا، بەڕێزم تەنها لە یەک شەڕدا کە پەلاماری بەنو قرەیزە درا بە سەرکردایەتی محەمەد 600 کەس بە دیلی لە گەردنیان درا و 700 کەسیان بونە جاریە و غولام لە شەڕی حونەیندا 6000 جاریە هەبون لە هەوازین و سەقیف ئەمە نوسین و سەرچاوە ئیسلامیەکان وادەڵێن و پشتڕاست کراوەتەوە، باست لەوە کردوە محەمەد بەینی ئەوس و خەسرەجی گرێداوەتەوە لە مەدینەدا بەڵام هەر لەوێدا بەنو نەزیر و بەنو قرەیزە و بەنو قینقاعی لە ناوبرد واتە لە 5 سێی کوشت، باست لە خراپی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کردووە ئەم پیاوە لەکاتی دەورەدانی بەنو قینقاعدا کە محەمەد بڕیاری لە گەردندانی دابون یەخەی محەمەدی گرتو پێیوت یەخەت بەرنادەم تا بڕیارەکەت نەگۆڕی بە ناچاری محەمەد سەربڕینیانی گۆڕی بە دەربەدەر کردن هەرچەندە دوایی پەلاماری دانەوە لە ئیزرەعات و خیبەردا و کوشت و دیلی کردن بەڵام هەڵوێستەکەی عەبدوڵا بووە تۆمارێکی مێژوی و نوسەرانی وەک مەلا عەبدول کەریمی مودەڕیس ئاماژەیان پێداوە، نوسیوتە محەمەد 1 کەسی کوشتوە بە دەستی خۆی منیش دەڵێم 1 کەسیش نەدرایە پاڵ سەدام کە خۆی کوشتبێتی، لەم هەڵە وەڵامەدا هەموو ئەو نوسەرانەی لەگەڵ ئیسلام نایەنەوە و تیک بۆ ئیسلامیەت ناکەن خراونەتە خانەی گومانی نەسرانیەتەوە بەڕێزم نەسرانیەتیش لە پەلەقاژەی کۆتاییدایە وەک ئێوە گیر دراون لە لایەن نوسەر و ڕۆشنبیرانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەی بە ڕاستیەکان دەبرێت و تەمی ترسی مردن و ئاگری دۆزەخ دەڕەوێتەوە لە هەڵەی ئەم گومانەشدا دەڵێم وەک نمونە لەبەر چەند نوسینێکم بە دژە وەڵامێک ستافی ڕۆژنامە کردومیان بە کۆمۆنیستێکی ستالینی، کاک ڕاویار زەڵمی کردومی بە ڕاکردویەکی یاخی پەرێز پیسی کوردستان کە لە بەر دەرکردنی بەریتانیا و گەڕانەوەم کەوتومەتە ماستاو کردن بۆ دەسەڵات و لەم بابەتانە ئەنوسم، لە ڕاستیشدا نە مارکسیم و نە لە کوردستانیش دابڕاوم و ڕەگەزنامەی بەریتانیشم هەیە و کرستیانیش وەک ئیسلام دەبینم، ئەوەی



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

وای لە من و زۆرەهای تریش کردووە کە دڕ بە شەوەزەنگی بێدەنگی بدەین تەنها بەرژەوەندی گەل و نیشتمانە کە لە دۆخی بەنج بون تێپەڕێ و سەر لە قۆزاخەی ترس دەربێنێ و ڕاستیەکان وەک خۆی ببینێ و لەم نمونانەی خوارەوەش تێبگات کە بە ئاشتی یان بە شەڕ بارگاوین:- لەم ئایەتانەی قورئانەکەی محەمەد بڕوانن و خۆتان بڕیاردەری جۆر و ناوەرۆکەکەی بن / سورەتی ئەنفال ئایەتی 65 بڕواداران هانبدە لەسەر شەڕ. . .، سورەتی عادیات ئایەتەکانی 4، 3، 2 سوێند بە ئەسپێک کە لە ڕێگەی خوادا شەڕ دەکەن و غار دەکەن و هەناسەی توند دەدەنەوە و لە بەرەبەیاندا هێرش دەبەن. . .، سورەتی نیسا و ئایەتی 85 شەڕ بکەن لە پێناوی خوادا داوای هیچتان لێناکرێت بۆ نەفسی خۆتان نەبێت. . .، سورەتی سەف ئایەتی 5 خوا ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە شەڕ دەکەن و ڕیز دەبەستن وەک دیوارێکی قورقوشمی داڕێژراو. . .، سورەتی محەمەد ئایەتی 5 ئەگەر گەیشتن بە کافرەکان بدەن لە گەردنیان. . .، سورەتی ئەحزاب ئایەتی 17 فیرار مەکەن لە شەڕ و خۆ مەدزنەوە لە ترسی مردن. . .، سورەتی ئەنفال ئایەتی 17 هەرکەس پشت هەڵبکات و ڕابکات تەنها بۆ تاکتیک نەبێت ئەوە خراپی بەسەر ئەهێنین. . .، تەنانەت محەمەد هانی دیل کوشتنی داوە بە سورەتی ئەنفال ئایەتی 68 ڕەوا نەبووە بۆ هیچ پێغەمبەرێک کە دیلی کافر بگرێت و لە ناوی نەبات. . .، ئەم نمونانە و کوتب عەلکم ئەلقیتال لە کەلتورێکی عەرەبیەوە بونە دیاردە و دێوەزمەیەکی ئیسلامگەری و گانگرین ئاسا چۆتە جەستەی مرۆڤایەتیەوە ئێمەش دەمانەوێت ئەم ڤایرۆسە سەرەتانیە لە کوردسستان بە دوربێ و ئەو دوو وێنە نمایشیە ئیسلامیەش کورد و شارەکانی نەگرێتەوە و گەورە پەرێشان و منداڵانمان نەتۆقێنێ.

بەریتانیا 26-1-2007


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.